https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا

م. ی. سیروان عەبدوڵڵا ئەحمەد        م. ی. بەحری لطیف یحیی

زانکۆی سۆران _ فاکەڵتیی پەروەردە _ بەشی کوردی

Sirwan.ahmed@soran.edu.iq        Bahri.yahya@soran.edu.iq

**پوختە**

میتۆنیمیی دامەزراوەیی جۆرێکە لە جۆرەکانی میتۆنیمی، لەم جۆرەی میتۆنیمیدا ناوی شوێنێک/ کەسێک لەبری دامەزراوەیەکی فەرمی بەکاردەهێندرێت. بواری ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو بوارانەی کە دیاریدەی میتۆنیمی تێیدا بەکاردەهێندرێت. توێژینەوەکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای دیاریکراودا ئەوەی سەلماندووە، کە هەر سێ شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا بەرچاودەکەوێت. بە گشتی (٦٢) دەربڕاوی زمانی لە کۆی گشتی ناونیشانەکاندا لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی دەربڕاون. میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە شێوەی (بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە) ڕێژەی (٥٦.٥٪) میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت، هەروەها (بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی) ڕێژەی (٣٧.١٪) و (بە کارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە) ڕێژەی (٦.٥٪)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنن.

**میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا**

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر ناساندنی دیاریدەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی (Institution metonymy)، کە لە زماندا دەردەکەوێت توێژینەوەکە ئەم دیاریدە زمانییە لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا دەخاتەڕوو.

**گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تیشکدەخاتەسەر لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگا کە داڕشتەی زمانی ڕاگەیاندنە، لەو چوارچێوەیەشدا گرنگیدراوە بە ناونیشانی گوتار، کە کرۆکی گوتارەکە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، توێژینەوەکە پێگە و گرنگیی میتۆنیمی لە داڕشتنی ناونیشانی گوتارەکاندا ڕووندەکاتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بە ئامانجی شیکردنەوە و خستنەڕووی گرنگیی دیاریدەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە داڕشتنی ناونیشانی گوتاردا خراوەتەڕوو، دەیەوێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای دەستنیشانکراو، جۆر و ڕێژەی دەرکەوتنی میتۆنیمیی دامەزراوەیی بخاتەڕوو.

**کەرستەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ژمارەکانی (٣٦٧ ، ٤٠٧ ، ٤٧٤) ڕۆژنامەی ڕووداو هەڵبژێردراون، بوون بە نموونەی توێژینەوەکە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی - ئاماری کراوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

_ ئایا پێگە و شێوازی بەکارهێنانی میتۆنیمی لە داڕشتنی ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا لە چ ئاستێکدایە؟

_ ئایا ڕێژەی بەکارهێنانی شێوە جیاوازەکانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە داڕشتنی ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا لە بوونیان هەیە؟

**ناورۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە زمانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە واتاییەکان کراوە، هەروەها جۆرەکانی میتۆنیمی و دیاریدەی میتۆنیمی و میتۆنیمیی دامەزراوەیی خراونەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا شیکراونەتەوە. هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی کە لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی دەرکەوتوون دەستیشانکراون، ئاماژە بە شێوەکانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی کراوە. لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS) ڕێژە و ئاماری میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا بەدەستهاتوون. دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، ئینجا ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە ڕیزکراون. لە کۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراون.

**١)بەشی یەکەم: زمانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە واتاییەکان**

ئەم بەشە بەشێکی تیۆرییە، تیشکدەخاتەسەر ناساندن و تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن، هەروەها باس لە واتاسازیی وشە و پەیوەندییە واتاییەکانیش کراوە، دواتر میتۆنیمی و میتۆنیمیی دامەزراوەیی باسکراون.

١_١) زمانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن پردی پەیوەندییە لــە نێوان تاکــەکانی کۆمەڵدا، بۆ گەیاندنی بیروڕاو بۆچوونی جیاواز و نویێ بە هەموو چین و توێژێک، واتە پێویستە لــە خزمەتی کۆمەڵدا بێت، بێگومان بۆ ئەم ئەرکــەش پێویستی بە زمانێکی پاراو و ڕەوان هەیە، کــە لــە هەست و سۆز و تێگەیشتنی خەڵکــەوە نزیک بێت، ئەم زمانەش پێویستە لــە ناو کۆمەڵــەوە هەڵقوڵابێ بۆ ئەوەی زۆرترین چین و توێژەکان لێی تێبگەن. لێرەوە ڕاگەیاندن پێویستی بە زمانێکی تایبەتیی خۆی دەبێت، کــە ئاستێکی مامناوەندە لــە نێوان زمانی باڵا و زمانی ڕەشۆکیدا.

زمانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای واتای هاوڕێیەتی کاردەکات، چونکە زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێکی سادە و ساکار بێت و پێویستی بە لێکدانەوەی قووڵ نەبێت تا زۆرترین کەس لە چینی خوێندەوار تێبیگات و ئەرک نەخاتە سەر خوێنەر، لە بواری ڕاگەیاندنیشدا بە دوو شێوە بەرجەستە دەبێت:

١_ پیادەکردنی واتای هاوڕێیەتی لە بواری ڕاگەیاندندا

ئەرکی ڕاگەیاندکار ئەوەیە، کە وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو بەکاربێنێت و ڕستەکان کورت بن و دەستەواژەکان تێکچرژاو نەبن، ئەمەش لە پێناو ئەوەی بەرانبەرەکەی بە ئاسانترین شێوە وەربگرێت.

مەبەستمان لە پیادەکردنی واتای هاوڕێیەتی و نەبەزاندنی بەندە بە گونجانی وشەکان لە سنووری ڕستەدا لەگەڵ یەکتر و دەبێت پێویستییەکانی کارەکە وەک (بکەر) و (بەرکار) پێوانە بکرێت لەگەڵ کارەکە و بگونجێت و بابەتی و دروست بێت. (نەوال: ١٩٨٣؛ ٨٧).

٢ _ پیادەنەکردنی واتای هاوڕێیەتی لە بواری ڕاگەیاندندا

یەکێک لە ئەرکەکانی زمان هەست وروژاندنە بە تایبەتی زمانی ڕاگەیاندن، زۆر جار ڕۆژنامەکان بۆ ئەوەی زیاتر سەرەنجی خوێنەر ڕابکێشێت هەستیان دەوروژێنن کە لەسەر بنەمای پیادەکردنی واتای هاوڕێیەتی دەبێت، و بە نەگونجانی کەسەکانی ناو ڕستە لەگەڵ یەکتری ئەنجام دەدرێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە (بکەر) و (بەرکار) پلەی هاوڕێیەتی و بە یەکەوەهاتنیان لەگەڵ کارەکەیاندا (سفرە) لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکییەوە، هەربۆیەش دەبێ لێکدانەوەی قووڵیان بۆ بکرێت، ئەویش دەبێ لە ڕێگەی پراگماتیکەوە شرۆڤەبکرێن (عبدولواحد: ٢٠٠٩، ٧٨).

کەواتە زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێکی سادە و ساکار بێت و پێویستی بە لێکدانەوەی قووڵ نەبێت و ئەرک نەخاتە سەر خوێنەر، ئەمەش زیاتر بەوە پیادەدەکرێت، کە وشەی گونجاو لە مەودای گونجاودا بەکاربهێنێت.

### ١_١_٢) زاراوە لە ڕاگەیاندندا

سەرەتای ڕۆژنامەگەری لای کورد بە زمانی ئەدەبی دەنووسرا، بەڵام وردە وردە گەشەیکردووە و زمانەکـەی هەندێ سادەتر کراوەتەوە، لـە ڕووی فۆڕمەوە لـە پەرەگراف و ڕستەی کورتدا، لـە ڕووی گەنجینەی وشەشەوە، پێکهاتووە لـە وشەکانی فەرهەنگی زمان بە گشتی و گەنجینەی وشەی تایبەت بە بابەتەکانی ڕاگەیاندن و وشەی ئاخاوتنی ڕۆژانە، چونکە زمانی ڕاگەیاندنی پێویستی بەوە هەیە تا ڕادەیەکی زۆر ساکار بێت، زۆرترین کەس لێی تێبگات، بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەش پێوستە زۆربەی وشە و زاراوەکان کوردی بن، (ڕۆژنامەگەری کوردی بەشێکی ئەو ئەرکەی بینیوە و لە ساڵی ١٨٩٨ بە دواوە ڕاگەیاندن بارێکی قورسی گەورەیان خستە سەر فەرهەنگی کوردی و سەرچاوەکانی، کە پێویستی بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری بیرۆکە و تێگەیشتنی تازە و نوێ لە میانەی جیاجیاکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، سوپایی، ئیداری و زانستی هەیە. (Pour:1992, 298)

(لێرەوە ڕاگەیاندن بە وەرگێڕانی هەندێ وشە و زاراوە و بەکارهێنانیان، خزمەتێکی باشی کردووە، چونکە گەنجینەی وشەی زمان دەوڵەمەند دەکات، بۆ نموونە وشەکانی (پاکسازیی نەژادی، چەکـە بەکۆمەڵ کوژەکان، دانوستان، هێزی چەکووشی ئامادە، پرۆسەی ئاشتی، ناوچەی دژەفڕین، دیموکراتیزەکردن، توندوتیژی، پڕوپاگەندە، پێڤاژو...)، لـەپاڵ ئەمەشدا هەندێ لـەو وشە و زاراوانە، وەک خۆیان وەرگیراون و لای خەڵکی تێگەیشتنیان ئاسانە و چوونەتە بەکارهێنانەوە، لـەوانە (ڕیفۆرم، دیالۆگ، ڕیپۆرتاژ، تیرۆر، تێکست، ڤیستیڤاڵ، لۆژیک، وۆرک شۆپ ....).

گرنگیدان بە فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەمەش بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ڕوانگەی زاراوەی پەخشی ڕادیۆیی

له زمانی کوردیدا هەبووە، ئەگەرچی بەر لەم ماوەیەش ڕۆژنامەگەری بەشێکی ئەو ئەرکەی جێبەج کردبوو. (دەنگوباس و هەواڵی نەتەوەیی و جیهانی کە سەرچاوەی سەرەکین بۆ فراوانکردنی فەرهەنگ، هەمیشە جێگایەکی یەکجار دیاریان داگیرکردبوو لە ئێزگەکانی ڕادیۆ کوردییەکان) (سەرچاوەی پێشوو:١٩٩٢؛ ٣٠١). زاراوە و دەستەواژەی نوێ پەیوەندار بە بواری ڕادیۆ بەکارهێنران، زیاتریش ئەم لایەنە لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات بەرچاودەکەوێت، وەک ئەو گۆڤارانەی خوارەوە:

ـ لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا: (ئێزگە ـ ئێستگە= محطة)، (پەخش= بث)، (بێ تەل= لاسلکی، ( wireless)ی ئینگلیزی)، (دەنگوباس= اخبار).

ـ لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا: ئێستگە، بێ تەل، ڕادیۆ، ڕەخت (جیهاز)، شەپۆل(موجة).

ـ لە گۆڤاری (نیشتیمان)دا: (شەپۆل = مؤجة)، (بروسکە)، (بەرنامە)، (گوێگر= مستمع). (بحری: ٢٠١٥: ١١٠).

زمانی کوردی ئەمڕۆ کەڵکی لە ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە، چ بە وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانی جیهان یان بە داتاشین و دۆزینەوەی وشە و زاراوەی بەجێ بۆ دیاردەکان.

دەزگای ڕاگەیاندن، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووی یەکخستنی دیالێکتەکان و هاتنەکایەی زمانی نووسین هەیە، ئەم کاریگەرییەش بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا دەردەکەوێت، ئەمەش لە هەموو بوارەکاندا بەدیدەکرێت کە بەهۆیانەوە فەرهەنگی زمانی کوردییان دەوڵەمەندکردووە.

١_٢) پەیوەندییە واتاییەکان: sense relation

ئەم پەیوەندییانەش لەسەر هەردوو ئاستی جێنشینی و تەکنشینی دەردەکەوێت، پەیوەندیی تەکنشینیی کەرەستەکان بریتییە لەو پێکەوەهاتنە گونجاوەی لە نێوان وشەکاندا هەیە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵە وشە یان لەسەر ئاستی ڕیزبوونیان لە ڕستەیەکدا، چونکە مەرجی هاوڕێیەتیی وشەکان بوونی پەیوەندیی هاوبەشە لە نێوانیاندا، بەڵام لە جێنشینیدا بەهای هەر وشەیەک بە گەڕانەوە بۆ وشەکانی دیکە لە هەمان پێڕەوی زمانەکەدا دەستدەکەوێت، (واتای سەرەکیی وشەکان لە هەموو زمانەکاندا، بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ وشەی دیکەدا، لەسەر هەردوو ئاستی تەکنشینی و جێنشینی، دیاری دەکرێت) (تابان: ٢٠١٤: ٤١).

ئەو پەیوەندییانەش کە باسیان لێوەدەکرێت، مەرج نییە سەرجەمیان لە یەک پەیوەندی بدۆزینەوە، بەڵکو ئەم وشانە بەهۆی بەکارهێنانی جیاوازەوە، پەیوەندیی جیاواز دروستدەکەن. پەیوەندیی وشەکان لە ئاستی واتاییدا بە شێوەی پەیوەندی ستوونی (جێنشینی)و پەیوەندی ئاسۆیی (تەکنشینی) دەخرێتەڕوو، بە هۆکاری بایەخی پەیوەندیی ئاسۆیی لەسەر بابەتەکە و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی، بە پێویست دەبینرێت ئەم جۆرەیان تیشکی بخرێتەسەری، کە پێکدێت لەمەی خوارەوە:

أ_ کۆلۆکەیشن

(Frith) پێیوایە واتای وشەیەک دەتوانرێت لە ڕێی ئەو وشانەوە بزانرێت کە لەگەڵیدا بەکاردێت و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات (ئاستێکی تەکنشینی هەیە لە دانەدانەی وشەکان ناکۆڵێتەوە، بەشێک لە واتای وشەکەت لە ڕێی پێکەوەهاتنەوە پێدەدات) (بیستون:٢٠١٢: ٦١) واتە هەندێک لە وشەکان ئەوەندە هاوڕێیەتییان بەهێزە لە کاتی بەکارهێناندا، بە ناوهێنانی یەکێکیان، لەبیردا ئەوی تر دێتەوە یاد، بۆ نموونە: (چاو و بینین)، (وەڕە و سەگ).

ب_ هەڵبژاردن

دوو وشە یان زیاتر کە بەیەکەوە دێن هەندێ کۆت دەخەنە سەر یەکتری لە ڕستەدا ئەم جۆرە کۆتانە پێیان دەگوترێ کۆتی هەڵبژاردن. پیادەکردنی واتای هاوڕێیەتی و نەبەزاندنی بەندە بە گونجانی وشەکان لە سنووری ڕستەدا. (میلکا اڤیتج، ١٩٩٦: ٣٥٢)، بۆ نموونە پێویستییەکانی کارەکە وەک: بکەر و بەرکار یەکتر هەڵبژێرن لەگەڵ کارەکە بگونجێن.

١_٣) میتۆنیمی و جۆرەکانی

لەم تەوەرەیەدا باس لە میتۆنیمی و جۆرەکانی میتۆنیمی کراوە، دواتر بە وردی تیشک خراوەتە سەر میتۆنیمی دامەزراوەیی، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

١_٣_١)میتۆنیمی چەمک و زاراوە

وشەی (میتۆنیمی – Metonymy) دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی، کە واتای گۆڕینی ناو دەگەیەنێت، لە دوو بەش پێکهاتووە (Metá) واتای (پشت یان گۆڕین) ، (onyma) واتای (ناو) دەبەخشێت، بەسەر یەکەوە وشەی (Metonymy) یان پێکهێناوە (نالی: ٢٠١٦: ٦٥ ، Song:2011:69).

میتۆنیم بە شێوەیەکی پێشکەوتنی ئاخاوتنی مرۆڤ دادەندرێت، نووسەر/ئاخێوەر بۆ ئەوەی خۆی لە درێژدادڕی بپارێزێت و بتوانێت زۆرترین زانیاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەمترین وشە و دەستەواژە دەرببڕێت. ئاشکرایە کە (میتۆنیمی هەنگاوەکان کورت و ئاسان دەکات لە پێناو تێگەیشتنی خێرا بۆ شتێکی زانراو) (leech: 1969:153). بۆیە نووسەر هەوڵدەدات بەشێک لە دەربڕاوەکانی بە شێوەیەکی میتۆنیمییانە دەرببڕێت، بە تایبەت لە ناونیشانی گوتارەکانیدا، چونکە یەکێک لە

بنەماکانی ناونیشان ئەوەیە، کە پێویستە ناونیشان دەربڕاوێکی کورت و پوخت بێت، بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر هەوڵدەدات بەشێک لە دەربڕاوەکانی بە میتۆنیم بکات، بە شێوەیەک، کە بەپێی ئەو پەیوەندییە واتاییە و لێکنزیکییەی کە لە نێوان دوو دەربڕاوی زمانیدا بەدیدەکرێت. واتە ئەو پەیوەندیدارییەی کە لە نێوان ئەم دوو دەربڕاوە زمانییەدا بەدیدەکرێت؛ ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ئەو بیرەی کە لە مێشکیدایە بە شێوەیەکی پوخت و ئاسانتر بیخاتەڕوو. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە (میتۆنیمی یەکێکە لە ڕێگاکانی بەچەمککردنی بارودۆخەکان بە ڕێگای تایبەت، کە تێیدا پاڵپشتی بەچەمککردنی دەربڕاوێکی گرانی زمانی بۆ پێکهاتەیەکی ئاسانتر و ڕوونتر دەکات لە هەردوو ڕووی ڕێزمانی و واتایی) (نالی: ٢٠١٦: ٧٢). ئەوەش بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە ئامانج لە بەکارهێنانی میتۆنیمی ئاماژەدانە بە (شت، بیر، کەس، ڕووداو، بابەت... هتد) بە فۆڕمێکی جیاواز لەو واتا دیاریکراوەی بۆی داندراوە و ئەوەش ناونراوە "پڕۆسەی ناونانێکی سەر لە نوێ لە شتێک بەهۆی کۆمەڵێک ڕێگا و ئامراز و پەیوەندی کە بەیەکترییەوە هەیانە (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١٦: ٨٣).

سەبارەت بە ناساندنی میتۆنیم چەند پێناسەیەکی جیاواز خراونەتەڕوو لێرەدا بەشێکیان دەخرێنەڕوو:

_ میتۆنیمی فۆڕمێکی زمانییە تیایدا ناوی شتێک دەگۆڕێت بە ناوێکی تر، کە بە گشتی پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە (Song:2011:69).

_ میتۆنیمی بریتییە لە شێوازێکی بەکارهێنانی زمان تیایدا دەربڕینێکی زمانی لەبری دەربڕینێکی تر بەکاردەهێندرێت، کە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە. (Fu:2016:34).

_ میتۆنیمی جۆرێکە لە بەکارهێنانی تایبەتی زمان، کە تێیدا شتێک یان چەمکێک ئاماژەی پێ بدرێت، بەڵام بە ناوە ئاشکراو دیارەکەی خۆی نا، بەڵکو بەهۆی ناوێک یان شتێکی ترەوە، کە پەیوەندیی واتایی بە شتەکە یان چەمکەکەوە هەبێت. ( نالی: ٢٠١٦: ٧٧)

_ میتۆنیم بریتییە لە ناونانی ڕووداوێکی سەرەکی بە ناوێکی ترەوە. (Shodikulova:2021:2)

_ میتۆنیمی شێوەیەکی زمان یان بیرێکە،  کە یەکەیەکی زمانی بۆ ئاماژەدان بە یەکەیەکی تری زمان بەکاردەهێندرێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییێک لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت. (Littlemore:2015:4).

بە سەرنجدان لەم پێناسانەی سەرەوە دەکرێت بڵێین: میتۆنیمی دیاریدەیەکی زمانییە بە مەبەستی دووبارە ناونانەوەی (شت، بیر، کەس، ڕووداو، بابەت...)ێک، لەلایەن ئاخێوەر/نووسەرەوە بەکاردەهێندرێت.

١_٣_٢) جۆرەکانی میتۆنیمی

جۆرەکانی میتۆنیمی بەپێی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان وشە/دەستەواژە زمانییەکاندا بەدیدەکرێت دیاریدەکرێن، بەم پێیەش بە گشتی میتۆنیمی بۆ دوو لقی سەرەکی دابەشدەکرێت، هەر یەک لەم لقە سەرکییانەش بەپێی سروشتی بەکارهێنانیان لە زماندا چەندین لقی تر لەخۆدەگرێت. ئەو دوو لقە سەرەکییەش بریتین لە:

_ گشت بۆ بەش (Whole to part): ئەم جۆرە میتۆنیمییە کاتێک دروستدەبێت، کە شتێک لەبری بەشیک/ ئەندامێکی پێکهێنەری شتەکە بەکاردەهێندرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین (قوتابخانەکەمان جامەکەی بردەوە) دەبینین چەمکی قوتابخانە میتۆنیمییانە

لەبری کۆمەڵێک قوتابی قوتابخانەکە بەکارهاتووە، کە بەشداری پێشبڕکێیەکەیان کردووە و جامەکەیان بەدەستهێناوە (Wei:2010:8).

_ بەش بۆ گشت (Part to whole): ئەم جۆرەیان کاتێک بەدیدەکرێت، کە بەشێک/ئەندامێک لە پێکهێنەرەکانی شتێک لەبری تەواوی شتەکە بەکاردەهێندرێت (Littlemore:2015:20). بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا (هەولێر داوای گفتوگۆی ئاشتییانە دەکات) دەبینین لەم ڕستەیەدا وشەی (هەولێر) لە شێوەی میتۆنیمی بەکارهاتووە لەبری دەستەواژەی (هەرێمی کوردستان)، لە کاتێکدا هەولێر تەنیا بەشێکە لە هەرێمی کوردستان، بەمەش میتۆنیمی لە جۆری بەش بۆ گشت دروستبووە.

زانستی زمانی درکپێکردن زۆر بەوردی کار لەسەر دەستنیشانکردنی جۆرەکانی میتۆنیمی دەکات، ئەم جۆرەی میتۆنیمی (گشت بۆ بەش ، بەش بۆ گشت)، بەپێی سروشتی بەکارهێنانیان و ئەو چەمکەی کە دەی نوێنن، دابەشدەکات بۆ چەند جۆرێکی تری میتۆنیمی لەوانە: (میتۆنیمی ڕووداوی، میتۆنیمی چەندی، میتۆنیمی هەمەکی، میتۆنیمی دامەزراوەیی، میتۆنیمی هەندەکی، میتۆنیمی ئەنجامی....) ( نالی:٢٠١٦: ١٠٦ _ ١٣٩، Littlemore:2015:22). هەروەها هەر یەک لەمانەش دابەشدەبن بۆ چەند لقێکی تر، بۆ نموونە میتۆنیمی ڕووداوی دابەشدەبێت بۆ: (شوێن بکەوێتە بری ڕووداو، ڕووداو بکەوێتە بری شوێن، کات بکەوێتە بری ڕووداو، ڕووداو بکەوێتە بری کات) (نالی:٢٠١٦: ١٠٦ _ ١٣٩، Evans, Radden And ،and Green:2018:301_325 Kovecses:199:24_30). لەبەر سنووری توێژینەوەکەمان بە وردی باس لە هەموو ئەم جۆرانەی میتۆنیمی ناکرێت زیاتر جەخت دەخرێتە سەر میتۆنیمیی دامەزراوەیی کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

١_٣_٢_١) میتۆنیمی دامەزراوەیی

له بەکارهێنانی ئەم جۆرەی میتۆنیمیدا وشە یان دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ ناونانی دامەزراوەیەکی فەرمی و دیاریکراو بەکاردەهێندرێت. (یەکێک لە توانا درکپێکراوە میتۆنیمییەکانی ئاخیوەران، بە میتۆنیمیکردنی دامەزراوەییە، کە چۆن تێیدا نەخشەکێشانەکە لە نێوان مەوداکاندا بە بەشداری دامەزراوەیەک یان زیاتر دەکرێت و چەشنێکی دیکەی میتۆنیمی لە ڕوانگەی یەکە بە میتۆنیمیکراوەکەوە بونیاددەندرێت). (نالی:٢٠١٦: ١١٨). (هەندێک جار ناوی دامەزراوەیەک ڕەنگە لەبری ناوی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی کاربەدەست، کە لەم دامەزراوەیە کاردەکەن بەکاربهێندرێت، بۆ نموونە کاتێک گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا بەڕیوەدەچێت، دەگوترێت: گفتوگۆی نێوان واشنتۆن و مۆسکۆ بەڕیوەچوو. لێرەدا ""واشنتۆن و مۆسکۆ"" لە شێوەی میتۆنیمی لەبری ئەو کەسانە دەربڕاون، کە بەشداربوون لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا). (Taylor:2002:324). واتە یەکەیەکی زمانی لە شێوەی میتۆنیمیدا وەک ئاماژەدان بە دامەزراوەیەک بەکاردەهێندرێت و بە میتۆنیمیی دامەزراوەیی ناو دەندرێت.

١_١_٢_١) شێوەکانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی

میتۆنیمیی دامەزراوەیی بە چەند شێوەی جیاواز بەکاردەهێندرێت لە زماندا، لێرەدا ئەم شێوە جۆراوجۆرانە دەخرێنەڕوو:

١_١_٢_٢) بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە

لەم جۆرەی میتۆنیمیدا، شوێنێک وەک مەودای سەرچاوە ڕۆڵدەگێڕێت بۆ ئاماژەدان بە دامەزراوەیەک واتە نووسەر لە داڕشتنی ناوانیشانی وتارەکەیدا زۆر جار شوێنێک هەڵدەبژێرت و بەکاریدەهێنێت، کە ئەم شوێنە ئاماژە بۆ دامەزراوەیەکی دیاریکراو دەکات و لەبری ئەو بەکاردەهێندرێت. ئەم شێوەی میتۆنیمی زیاتر خۆی لە دوو شێوەدا

دەبینێتەوە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە ناوی وڵاتێک لەبری دامەزراوەیەک بەکاربهێندرێت، ئەوی تریان بریتییە لە بەکارهێنانی ناوی پایتەخت لەبری دامەزراوەیەکی فەرمی. (Aleksandrova:2019:200) لەم نموونانەی خوارەوەدا ئەم شێوەیەی میتۆنیمی زیاتر ڕووندەکرێتەوە:

هێشتا شنگال وێرانە بەغداد هیچ بایەخێکی پێنادات. (ڕۆژنامەی هەولێر: ژ.٣٣٩٠: ٢٠٢٠/١٢/١٦).

لەم ناونیشانەی سەرەوەدا وشەی (بەغداد) میتۆنیمییانە بەکارهێنراوە، واتە شوێن (شاری بەغداد) وەک ئاماژەییێک بۆ دامەزراوەیەکی فەرمی (حکومەتی عێراق) بەکارهێندراوە.

هەولێر و بەغداد لەسەر ناردنی پارەی گەنمی جوتیاران ڕێککەوتن. (ڕۆژنامەی هەولێر: ژ.٢٨٩٩: ٢٠١٨/٨/٥).

لێرەدا دوو وشە لە شێوەی میتۆنیمی دەربڕدراون، ئەوانیش بریتین لە (هەولێر، بەغداد) دەبینین. ئەم دوو وشەیە بریتین لە شوێن، بەڵام نووسەر لە ناونیشانی گوتارەکەیدا میتۆنیمییانە لەبری دوو دامەزراوەی فەرمی بەکاریهێناون، کە ئەوانیش بریتین لە (حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق)، بەمەش دەردەکەوێت کە شوێن خراوەتە شوێنی دامەزراوە.

هەولێر و دهۆک بەبێ گۆڵ یەکسان بوون.

کاتێک سەیری ئەم ناونیشانە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی (هەولێر ، دهۆک) ناوی دوو شاری هەرێمی کوردستانن و بریتین لە شوێن، بەڵام لێرەدا لە شێوەی میتۆنیمی بەکارهێندراون وەکو ئاماژەدان بە یانەی وەرزشی (تیپی تۆپی پێی هەولێر و تیپی تۆپی پێی دهۆک).

١_١_٢_٣) بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی

هەندێک جار ناونیشانی گوتارەکان وا دادەڕێژرێت کە ناوی دامەزراوەیەک، لە شێوەی میتۆنیمی لە بری ئەندامانی ئەم دامەزراوە بەکاردەهێندرێت. واتە لەم جۆرەی میتۆنیمیدا، دامەزراوەیەک دەبێت بە مەودای سەرچاوە و ئەو ئەندامانەشی، کە پێکهێنەری ئەو دامەزراوەیەن دەبن بە مەودای مەبەست. (نالی: ٢٠١٦: ١١٨) ئەم شێوەیەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی زیاتر لە داڕشتنی ناونیشانی گوتاری ڕۆژنامەکاندا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا ""وەزارەتی دارایی فەڕەنسا ڕێژەی باجی بەرزکردەوە"" دەبینین لێرەدا دەستەواژەی "وەزارەتی دارایی" وەک میتۆنیمی لە شوێنی وەزیری دارایی بەکارهاتووە کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە داڕشتنی ئەم بڕیارەدا. (Zielinski:2011:13). لەم نموونانەی خوارەوەدا دیاردەکەمان زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە:

مەجاهیدینی خەلق بەدوای دۆستی تازەدا دەگەڕێت (ڕۆژنامەی ڕووداو: ژ ٣٦٧).

لەم ناونیشانەی سەرەوەدا دامەزراوەی مەجاهیدینی خەلق، وەکو مەودای سەرچاوە میتۆنیمییانە دەربڕدراوە و لەبری کاربەدەست و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە، واتە لێرەدا دامەزراوە گشتییەکە خراوەتە شوێنی چەند ئەندام و کاربەدەستێکی ڕێکخراوەکە و لە شێوەی میتۆنیمی ئاماژەی پێکراوە.

وەزارەتی کارەبا بڕیاریدا ڕێژەی پێدانی کارەبا بە هاوڵاتییان زیادبکات.

لەم ناونیشانەی سەرەوەدا دەستەواژەی (وەزارەتی کارەبا) لە شێوەی میتۆنیمی دەربڕدراوە، ئاشکرایە کە (وەزیری کارەبا) ئەم بڕیارەیداوە، بەڵام دەستەواژەی (وەزارەتی کارەبا) لە شێوەی میتۆنیمی بەکارهێندراوە و خراوەتە شوێنی (وەزیری کارەبا).

١_٢_١_٣) بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە

ئەم جۆرەی میتۆنیمی کاتێک بەدیدەکرێت، کە کەسێک دەبێت بە سەرچاوە و نوێنەرایەتی دامەزراوەیەک دەکات و بە شێوەیەکی میتۆنیمیانە لەبری ئەندامەکانی بەکاردەهێندرێت. وەک لەم نمونانەی خوارەوەدا بەدیدەکرێت.

کازمی بڕیاریدا گفتوگۆ لەگەڵ هەرێم دەست پێ بکات.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین دەربڕاوی (کازمی) میتۆنیمییانە بەکارهێندراوە، چونکە (کازمی) وەکو مەودای سەرچاوە لەبری (حکومەتی عێراق) بەکارهێندراوە، کە سەرۆکایەتیی ئەم حکومەتە بەهۆی گرنگیی پێگەکەی و کاریگەری بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان (حکومەتی هەرێمی کوردستان) و (حکومەتی عێڕاق)، لەم ڕستەیەدا وەکو میتۆنیم لە بری حکومەتەکەی بەکارهاتووە، کە دامەزراوەیەکی فراوانە و چەندین وەزارەت و دامودەزگا لەخۆدەگرێت.

ترامپ لە سوریا ئاسانکاری بۆ تورکیا دەکات.

لەم ڕستەیەدا دەربڕاوی (ترامپ) میتۆنیمییانە لە بری (حکومەتی ئەمریکا) بەکارهاتووە، واتە بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە (ترامپ) هەیبووە، وەکو سەرۆکی ئەمریکا و کاریگەری بەسەر بڕیاردانی حکومەتەکەیەوە، کەسەکە (ترامپ) وەکو میتۆنیم لەبری دامەزراوەی (حکومەتی ئەمریکا) بەکارهێندراوە.

## ٢) بەشی دووەم: دەرکەوتنی شێوەکانی میتۆنیمی دامەزراوەیی لە ڕۆژنامەی ڕووداودا

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی کارەکی دیاریدەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە ڕۆژنامەی ڕووداودا خراوەتەڕوو، تیشکخراوەتەسەر دەستنیشانکردنی شێوەکانی میتۆنیمی دامەزراوەیی. لەم توێژینەوەیەدا ژمارەکانی (٣٦٧ ، ٤٠٧ ، ٤٧٤) ڕۆژنامەی ڕووداو بە شێوەی هەڕەمەکی و لە ڕێگەی تیروپشک، هەڵبژێردراون و نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنن، ناونیشانی گوتارەکانی ئەو سێ ژمارەیە خراونەتەڕوو، دواتر ئەو کەرستەی کە لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی دەربڕاوە دەستنیشانکراوە، ئەو سەرچاوەی کە بۆی دەگەڕێتەوە ئاماژەی پێکراوە، ئینجا شێوەی میتۆنیمییەکە دیاریکراوە.

دوای دەستنیشانکردنی میتۆنیمی دامەزراوەیی، دیاریکردنی شێوەکانی لە ڕێگەی پرۆگرامی (SPSS) ەوە، ڕێژەی دەرکەوتنی شێوەکانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی خراوەتەڕوو.

| ژماره | ناونیشانی گوتار | میتۆنیمی دامەزراوەیی | سەرچاوەی بۆ گەڕاوە | شێوەکەی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قوتابییەک دوای وەرگرتنەوەی نمرەکانی دەمرێت. | | | |
| ٢ | داعشمان بە کەفالەت ئازادکردوە | داعش | ئەندامێکی رێکخراوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٣ | پەخشی ڕادیۆکەی داعش دەگاتە هەولێر و دهۆک | | | |
| ٤ | بارزانی هێزێکی تایبەت بە شنگال دادەمەزرێنێ | بارزانی | سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە |
| ٥ | تورکمانەکان داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستان دەکەن | | | |
| ٦ | نەوشیروان مستەفا بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەی دوو مەرجی هەیە | نەوشیروان مستەفا | بزوتنەوەی گۆڕان | بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە |
| ٧ | بارزانی ٥٥%ی دەسەڵاتەکانی بەکارنەهێناوە | | | |
| ٨ | ئەمساڵ کوردستان ٥٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی رادەستی بەغدا کردووە | کوردستان | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | بەغدا | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٩ | پێشنیازی نوێ لەبارەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکرێ | هەولێر | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | بەغدا | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١٠ | پشکی شێری هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ کوردی ئێزدی دەبێت | ئەڵمانیا | حکومەتی ئەڵمانیا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١١ | دەوڵەتی کوردستان بەدوور نازانم | | | |
| ١٢ | تورکیا بەخێرایی بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت دەڕوات | تورکیا | پەرلەمانی تورکیا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١٣ | داوا دەکرێ لە مزگەوتەکان باسی ئۆجەلان بکرێ | | | |
| ١٤ | پێشمەرگەکانی رۆژئاوا چاوەڕێی سەعاتی سفرن | | | |
| ١٥ | ئابلۆقەی سەر گوندی رۆبۆسکێ پێ دەنێتە سێ مانگ | | | |
| ١٦ | خێزانێکی دانیشتووی هەولێر ٥ کوڕیان لەناو داعشە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | چەندین چەکداری داعشم بینین که خەڵکــی هەولێــر و دهۆک بوون | | | |
| ١٨ | کوردستان زیانی پێنج ملیار دۆلاری پێگەیشتووە | کوردستان | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١٩ | پرۆژەکانی بەڵێندەرایەتی لە هەولێر راگیران | | | |
| ٢٠ | کڕین و ساخکردنەوەی مریشکی کێڵگەکانی پەلەوەر دەدرێته بەڵێندەران | | | |
| ٢١ | لە سوید کۆمەک بۆ کۆبانێ کۆدەکاتەوە | | | |
| ٢٢ | کوردێک دەکرێتە نوێنەری فێستیڤاڵی گەلانی سوید | | | |
| ٢٣ | گەنجانی کورد لە چوار رێگەوە دەگەنە ئەوروپا | | | |
| ٢٤ | چوارینەکانی خەیام شووشەیین | | | |
| ٢٥ | بە نیازم لەگەڵ ئیڤۆن سەردانی کوردستان بکەم | | | |
| ٢٦ | کورد بۆ هەفتەیەک کرواتیا سەرقاڵ دەکات | کرواتیا | خەڵکی کرواتیا | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | بـــارزانی پێیگـــوتم تـــۆش پێشــــمەرگەی لەبـــواری خۆتدا | | | |
| ٢٨ | ژیندا بۆ ژنان کرایەوە | | | |
| ٢٩ | ژنێک سێ ساڵ لە ماڵەوە بەند دەکرێت | | | |
| ٣٠ | کچێک چوار ساڵە لەسـەر شەقامەکان رۆژ دەکاتەوە | | | |
| ٣١ | پۆلیســــــە ژنەکــــــانی هــــاتوچۆی ســــلێمانی لە شەقامەکان کشانەوە | | | |
| ٣٢ | پێشـــمەرگەیەک خـــۆی دەکوژێت | | | |
| ٣٣ | نەیانهێشـت بزانـێ گـۆڕی مێردەکەی لە کوێیە | | | |
| ٣٤ | ٨ کەس لە چەمچەمــــاڵ کـــــــــــوژراون و ٣٣ تۆمەتباریش گیراون | | | |
| ٣٥ | ئــــاوی چاڵاوەکــــانی قلیاســـــان دەرخـــــواردی دانیشـــتووانی ســــلێمانی دەدرێ | | | |
| ٣٦ | مادەی هۆشبەر کردی بە سواڵکەر | | | |
| ٣٧ | نەخۆشـخانەی ڕانیە ١٣٠ ملیــــــۆن دینـــــــاری کارمەندەکانی قەرزدارە | نەخۆشخانەی ڕانیە | بەڕێـوەبەرایەتیی گشــــــــتیی تەندروســـــــتیی ڕانیە | بـــــەکارهێنانی شـوێن لـە بـری دامەزراوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | موجاهیدینی خەلق بەدوای دۆستی تازەدا دەگەڕێت | موجاهیدینی خەلق | بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٣٩ | کورد لە هەوڵی "جیابوونەوەی ئاشتیانە"دایە لە عێراق | کورد | سیاسییەکانی کورد | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| | | عێراق | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٤٠ | کلینیکەکان نەخۆش ماندووتر دەکەن | | | |
| ٤١ | ئەو هەڵانەی لە بەکارهێنانی دژەخۆردا دەکرێن | | | |
| ٤٢ | سلێمانی یادی شنگال دەکاتەوە | سلێمانی | پارێزگای سلێمانی | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٤٣ | ئەحمەد سالار بەنداو دروست دەکات | | | |
| ٤٤ | پەرەسێلکەکەی مانۆ دەفرێت | | | |
| ٤٥ | عەزیز وەیسی بەڵێن دەدات | | | |
| ٤٦ | شەریف قەیران و تورکو دوێت دەکەن | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | پارە گەردەلوولی راگرتووە | | | |
| ٤٨ | هێرۆ کۆچی نەکردووە | | | |
| ٤٩ | هەڵە باوەکانی پەروەردەی سێکسیی منداڵ | | | |
| ٥٠ | دارستانی نەرویجی و دونیابینیی هاروکی مۆراکامی | | | |
| ٥١ | بەیاننامەکەی یەکێتی.. بانێک و سێ هەوا | یەکێتی | بەڕێوەبەرانی پارتەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٥٢ | خامنەیی و سڕینەوەی سیاسەت | | | |
| ٥٣ | لەبەردەم بێ ئومێدیی سێیەمدا | | | |
| ٥٤ | دەستوورێکی عەلمانیی میانڕەو | | | |
| ٥٥ | ئەمریکا و پەکەکە پاش شەڕی داعش | ئەمریکا | حکومەتی ئەمریکا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٥٦ | کۆمەڵکوژی تەواو نابێت | | | |
| ٥٧ | تورکیا رزگار بکەن | تورکیا | حکومەتی تورکیا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٥٨ | بە نیازم سەردانی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردستان بکەم | | | |
| ٥٩ | یەکەمین زەماوەند لە شنگال بەڕێوەچوو | | | |
| ٦٠ | هەموو دونیا لەلایەک و دکتۆر گیان لەلایەک | | | |
| ٦١ | 500 فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف وازدەهێنن | | | |
| ٦٢ | دوو مادده ڕێگرن لەبەردەم ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی | گۆڕان | بەشداربووانی کۆبوونەوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| | | یەکێتی | بەشداربووانی کۆبوونەوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٦٣ | تەنیا لە هەشت وەزارەتدا 3837 پۆست کەمکراوەتەوە | | | |
| ٦٤ | چاکسازی ڕاستەقینە کوردستان ئامادە دەکات بۆ سەربەخۆیی | کوردستان | هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٦٥ | هەڵگرتنی پارێزبەندی کەلێنی نێوان کورد و تورکیا گەورەتر دەکات | تورکیا | حکومەتی تورکیا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٦٦ | لە گەڤەر پێنج هەزار ماڵ خاپوورکراون | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٧ | کوژرانی بارزان تاوانێکی زۆر گەورەی سەر رووی زەوییە | | | |
| ٦٨ | مەلا سەلیم شووشکەیی خانووەکەی ئەوقاف چۆڵ ناکات | | | |
| ٦٩ | گەورەترین پرۆژەی بەرهەمهێنانی ماسی لە کوردستان لە شکست نزیکە | | | |
| ٧٠ | وەزارەتی کشتوکاڵ دەیەوێ پەینی خۆماڵی بەرهەم بێنێ | | | |
| ٧١ | ناکۆکیی ئێران و سعودیە.. بەربەستی بەردەم ستراتیژی درێژمەودای ئۆپێک | ئێران | حکومەتی ئێران | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | سعودیە | حکومەتی سعودیە | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٧٢ | تانەر یەڵدز، بکەنە گوتەبێژی سامانە سروشتییەکان | | | |
| ٧٣ | خەتای پارتییە کە هاوکاریی هێزەکەمان ناکرێ | پارتی | بەرپرس و کاربەدەستانی پارتەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٤ | سەربازە ئەمریکییەکان نەیانهێشت پێنج پێشمەرگە بکەونە دەستی داعش | داعش | ئەندامانی ڕێکخراوی داعش | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٧٥ | دەڵالی ڕەش" لە ستۆکهۆڵم نرخی خانوویان فڕاند | | | |
| ٧٦ | بیانییەکان بازاڕی لەشفرۆشی لە سوید گەرم دەکەن | | | |
| ٧٧ | بە کوردی لەسەر دیوارەکانی ئەنقەرە دەنووسێت | | | |
| ٧٨ | تارانییەکان بەهۆی شانۆوە بە کارەساتی شنگالیان زانی | | | |
| ٧٩ | کارگوزاری کچ بە قاچاخ دەهێنن بۆ ئەربیلی تەنیشت دوبەی" | | | |
| ٨٠ | بە دەمانچەی باوکی، خۆی دەکوژێت | | | |
| ٨١ | خۆشەویستەکەی لێی دوورکەوتەوە و خۆی خنکاند | | | |
| ٨٢ | پەیوەندییەکی هەڵە بە یەکی گەیاندن و دڵپیسی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | جیای کردنەوە | | | |
| ٨٣ | دادوئۆغڵو بە کۆیلەیی هات، بە کۆیلەیی ڕۆیشت | | | |
| ٨٤ | رووحانی و ئەحمەدی نەژاد.. کامیان نوێنەری ئێرانن | ئێران | حکومەتی ئێران | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٨٥ | ئەلقاعیدە پاش پێنج ساڵ لە کوژرانی بنلادن | ئەلقاعیدە | ئەندامانی ڕێکخراویی ئەلقاعیدە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ٨٦ | کاتی بیرکردنەوە لە ترامپ هاتووە | | | |
| ٨٧ | قەیرانی دارایی ناردنە دەرەوەی نەخۆشانی تالاسیمیای ڕاگرت | | | |
| ٨٨ | ئەو ڕێگایانەی پێت دەڵێن کێشت ئاساییە یان نا | | | |
| ٨٩ | زانیاری گرنگ لەبارەی تەمەنی نائومێدی | | | |
| ٩٠ | ملیاردێرێکی کورد فەرمانبەرەکانی دەکاتە ملیۆنێر | | | |
| ٩١ | ڕەوەند پێشمەرگە دەباتە ئەڵمانیا | | | |
| ٩٢ | ئەکتەرێکی کورد دەبێتە باڵیۆز | | | |
| ٩٣ | میران جەژنی مەرگ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بڵاودەکاتەوە | | | |
| ٩٤ | کەشکۆڵی وشە پەراوێزخراوەکان | | | |
| ٩٥ | چێخۆف و هانا ئارێنت لەبارەی کارەوە | | | |
| ٩٦ | ڕێککەوتنی سیاسی یان پێویستیی یەکگرتنەوە | | | |
| ٩٧ | گۆی زەوی بپارێزین | | | |
| ٩٨ | کورد دەبێتە هاوپەیمانێکی کاریگەری سعودیە | کورد | سیاسییەکانی کورد | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| | | سعودیە | حکومەتی سعودیە | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ٩٩ | ئەگەر پارتی نەبووایە! | پارتی | کاربەدەستانی پارتەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ١٠٠ | داهاتووی دەوڵەت لە تورکیا | | | |
| ١٠١ | حەوزەی ناتیقە و حەوزەی سامیتە | | | |
| ١٠٢ | تریفە کەریمیان: یەکەمین ژنم ئۆپێرام لە شانۆدا خوێندووە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠٣ | هاووڵاتییەک بە نووسراوی ساختە زەویی حکومەت دەفرۆشێ | | | |
| ١٠٤ | بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بە کەفالەت ئازاد دەکرێت | | | |
| ١٠٥ | هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران بە لیستی داخراو دەبێ | | | |
| ١٠٦ | "تێچووی چاپی کتێبمان لە ٥٠ ملیۆن دۆلارەوە هێنایە سەر ٨ ملیۆن دۆلار | | | |
| ١٠٧ | عێراق سنوورەکانی لەگەڵ رۆژئاڤا توند دەکات | عێراق | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | رۆژئاڤا | بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١٠٨ | حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەیەک بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا دەنێرێ | حکومەتی هەرێمی کوردستان | کاربەدەستانی دامەزراوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| | | کۆنگرێسی ئەمریکا | کاربەدەستانی دامەزراوەکە | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ١٠٩ | هەندێ پەرلەمانتار داوای "ناردنی هێز" بۆ رۆژئاوای | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردستان دەکەن | | | |
| ١١٠ | دەروازەی ئۆڤاکۆی تاکە رێگەی ئێمەیە بۆ بەهێزکردنی بەغدا لە بەرامبەر هەولێر | بەغدا | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | هەولێر | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١١١ | پرۆژەی ئۆڤاکۆی توانا دەداتە بەغدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سزا بدات | بەغدا | حکومەتی عێراق | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١١٢ | کورد دەبێ بەپەلە دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق بکات | دیمەشق | حکومەتی سوریا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | کورد | سیاسییەکانی کورد | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ١١٣ | روشدی سەعید داوای پرۆژەی دەشتی بەهەشت دەکاتەوە | | | |
| ١١٤ | کلینێکسی ناوخۆ لە بەرامبەر هاوردەی تورکی و ئێرانی پاشەکشە دەکات | | | |
| ١١٥ | قەیرانێکی نوێی دارایی نزیکە | | | |
| ١١٦ | کۆمپانیا چینییەکان بیر لە دەرچوون لە ئێران دەکەنەوە | کۆمپانیا چینییەکان | کاربەدەستەکانی کۆمپانیاکان | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ١١٧ | گفتوگۆیەکی بێسوود لەسەر کۆمیسیۆنی فیلم لە فێستیڤاڵی سلێمانی | | | |
| ١١٨ | کوردی تاراوگە بۆ رۆژئاڤا دەرژێنە سەر شەقام | | | |
| ١١٩ | بەنیازی دوو دۆکیۆمێنتاریم لەسەر کورد | | | |
| ١٢٠ | منداڵنی تاراوگە بە زۆر دەگەڕێنرێنەوە زێدی خۆیان | | | |
| ١٢١ | کچێکی ١٤ساڵان خۆی دەخنکێنێ | | | |
| ١٢٢ | هاوسەرگیریی سێبەر لە عێراق | | | |
| ١٢٣ | منداڵێکی ١١ ساڵان خۆی دەخنکێنێ | | | |
| ١٢٤ | هەفتانە سێ سکاڵا لەسەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ تۆمار دەکرێن | | | |
| ١٢٥ | گەنجێک بە بەنزین خۆی دەسووتێنێ | | | |
| ١٢٦ | پاشماوەکانی داعش لە ١١ ناوچەی عێراق | داعش | ئەندامانی | بەکارهێنانی دامەزراوە لە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ریزەکانیان یەکخستووەتەوە | | ڕێکخراوەکە | بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی |
| ١٢٧ | ئەو پێنج هۆکارەی چاو وشک دەکەنەوە | | | |
| ١٢٨ | هەموو شتێک لەبارەی چارەسەری کیمیایی | | | |
| ١٢٩ | پیاوانیش تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن | | | |
| ١٣٠ | ئایا شەکر تووشی شەکرەمان دەکات | | | |
| ١٣١ | راستییە نێودەوڵەتییەکانی پشت کارەساتەکەی رۆژئاوای کوردستان | | | |
| ١٣٢ | ئەوانەی شەڕی سووریا دەوڵەمەندی کردن | | | |
| ١٣٣ | ترەمپ هەسەدەی ناچارکرد لەگەڵ رووسیا و سووریا رێکبکەوێت | ترەمپ | حکومەتی ئەمریکا | بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە |
| | | رووسیا | حکومەتی رووسیا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| | | سووریا | حکومەتی سووریا | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە |
| ١٣٤ | کورد لە بەرانبەر ستەمکاری دەبێ چی بکات؟ | کورد | سیاسییەکانی کورد | بەکارهێنانی دامەزراوە لە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | بـــــــــــــــرى ئەندامـــــەكانى/ پێكهێنەرەكانى |
| ١٣٥ | ڕۆژئـــاواى كوردســـــتان بەرەو كوێ؟ | | | |
| ١٣٦ | كـــــاتى دروســـــتكردنى شـــــاندێكى ديپلۆماســـــى كورديیە | | | |
| ١٣٧ | عێــراق و شــيزۆفرينياى سياسى | عێراق | حكومەتى عێراق | بـــــەكارهێنانى شـوێن لـە بـرى دامەزراوە |
| ١٣٨ | واشنتۆنەكەمان سووتاوە | واشنتۆن | حكـــــــــومەتى ئەمريكا | بـــــەكارهێنانى شـوێن لـە بـرى دامەزراوە |
| ١٣٩ | سێيەمين جەنگى ڕۆژئاوا | | | |
| ١٤٠ | ميهـــــرداد ئوســــــكويى: بەنيــــــــــــازى دوو دۆكيۆمێنتـــــاريم لەســـــەر كورد | | | |
| ١٤١ | شەڕى ڕۆژئاڤا لە چاوى جيهانەوە | | | |

به گشتی لەم سێ ژمارەیەدا کە وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون (١٤١) گوتار بڵاوکراونەتەوە، لە (٤٩) دەربڕاوی زمانی لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی گۆکراون. وەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

| شێوەکانی میتۆنیمی دامەزراوەیی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
| Valid | بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە | 29 | 59.2 | 59.2 | 59.2 |
| | بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی / پێکهێنەرەکانی | 17 | 34.7 | 34.7 | 93.9 |
| | بەکارهێنانی کەس لە بری دامەزراوە | 3 | 6.1 | 6.1 | 100.0 |
| | Total | 49 | 100.0 | 100.0 | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە ڕێژەی دەرکەوتنی شێوەکانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی نیشاندەدات لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا (لەو سێ ژمارەیەدا، کە وەکو نموونەی لێکۆڵینەوە وەرگیراون). بە گشتی (٤٩) دەربڕاوی زمانی لە کۆی گشتی ناونیشانەکاندا لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی دەربڕاون.

دەبینین لە (٢٩) ناونیشاندا میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە شێوەی (بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە) دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (%٢.٥٩)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت. لە ناونیشانی (١٧) گوتاردا میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە شێوەی (بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی) دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (%٧.٣٤)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت. لە ناونیشانی سێ گوتاردا میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە شێوەی (بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە) دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (%١.٦)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت. ئەوەش بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە لە ناونیشانی زۆرینەی ڕەهای گوتارەکاندا میتۆنیمیی دامەزراوەیی لە شێوەی (بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە) دەرکەوتووە، چونکە نووسەرەکان هەوڵیانداوە لە بری دامەزراوە فەرمییەکاندا ناوی شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێرن و لە بری دامەزراوەکە بەکاریبهێنن.

**ئەنجامەکان**

١. لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا بەکارهێنانی میتۆنیمیی دامەزراوەیی بەرچاودەکەوێت. هەرسێ شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی بە ڕێژەی جیاواز لە ناونیشانی گوتارەکانی ڕۆژنامەی ڕووداودا بەکارهێندراون.

٢. لەو سێ ژمارەیەدا کە وەکو نموونەی لێکۆڵینەوە وەرگیراون بە گشتی (٤٩) دەربڕاوی زمانی لە کۆی گشتی ناونیشانەکاندا لە شێوەی میتۆنیمیی دامەزراوەیی دەربڕاون.

٣. بەکارهێنانی شوێن لە بری دامەزراوە، ڕێژەی (٢.٥٩%)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت، بەکارهێنانی دامەزراوە لە بری ئەندامەکانی/ پێکهێنەرەکانی، ڕێژەی (٧.٣٤%)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت، بەکارهێنانی کەس لەبری دامەزراوە ڕێژەی (١.٦%)ی میتۆنیمیی دامەزراوەیی پێکدەهێنێت.

## سەرچاوکان

### سەرچاوەی نموونەکان


- ڕۆژنامەی هەولێر: ژ.٢٨٩٩: ٢٠١٨/٨/٥.
- ڕۆژنامەی هەولێر: ژ.٣٣٩٠: ٢٠٢٠/١٢/١٦.
- ڕۆژنامەی ڕووداو: ژ. ٣٦٧ : ٢٠١٥/٧/١٣.
- ڕۆژنامەی ڕووداو: ژ. ٤٠٧ : ٢٠١٦/٥/٩.
- ڕۆژنامەی ڕووداو: ژ. ٤٧٤ : ٢٠١٩/١٠/١٤.


### سەرچاوەی زانیارییەکان:

### بە زمانی کوردی


- بحری لطیف یحیی (٢٠١٥). پەتیخوازی لە زمانی کوردیدا (لەسەرەتاوە تاکو ١٩٧٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.
- بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢). کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- تابان محەمەد سەعید حەسەن (٢٠١٤). نامەی دکتۆرا، کێڵگە واتایی یەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا)، زانکۆی سلێمانی.
- عبدولواحد مشیر دزەی (٢٠٠٩). واتاسازی _ چەند لێکۆلینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

- کلۆد جیرمان و ریمۆ لۆبلان (٢٠٠٦). و.یوسف شەریف سەعید، واتاسازیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- نالی ئەدهەم غەریب، (٢٠١٦). درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

- میلکا اڤیتج (١٩٩٦). اتجاهات البحث اللسانییات، ترجمە سید عبدلاعزیز مصل.

- نەوال محمد عطیة (١٩٨٣). علم النفس اللغوی، ط١، مکتبة انجو، مصر.

## بە زمانی ئینگلیزی

- Aleksandrova, A., 2019. Ways Of Expressing Disagreement In Media Texts On International Relations. Knowledge International Journal, 32(1), pp.197-200.

- David Crystal (2003), A Dictionary of Lingustics & Phonetics, Oxford.

- Evans, V. and Green, M., 2018. Cognitive Linguistics an Introduction: An Introduction.

- Fu, Zhengling, 2016. The Application of Conceptual Metonymy in Discourse Coherence. International Journal of English Language Education, Vol. 4, No. 2.

- Leech, G.N. (1969), A Linguistic Guide to English Poetry, London and New York

- Lin, W., 2010. A cognitive approach to metaphor and metonymy related to the human body

- Littlemore, J., 2015. Metonymy: Hidden Shortcuts in Language, Thought and Communication, Cambridge University Press.

- Pour, Amir Hassan (1992), Nationalism And Language In Kurdistan (1918- 1985), phd., Mellen Reseach University Press, Sanfrancisco.

- Radden, G. and Kövecses, Z., 1999. Towards a theory of metonymy. Metonymy in language and thought, 4, pp.17-60.

- Shodikulova, A.Z., 2021. Cognitive interpretation of the Phenomenon of metonymy. Scientific reports of Bukhara State University, 5(1).

- Song, S., 2011. Metaphor and Metonymy—A Tentative Research into Modern Cognitive Linguistics. Theory and Practice in Language Studies.

- Taylor, J.R., 2002. Category extension by metonymy and metaphor. Metaphor and metonymy in comparison and contrast, 323, p.334.

- Zielinski, P., 2001. Metaphors and Metonymy in Politics. Brooksville: Enslow Publishers.

**الملخص**

تعد كناية عن الموصوف نوعاً من أنواع الكناية، وهي عبارة عن استخدام اسم مكان/ شخص بدلاً من مؤسسة رسمية، والجانب الصحفي يعدّ واحداً من الجوانب التي تُستخدمُ فيها ظاهرة الكناية، الدراسة هذه -ومن خلال تحليل البيانات المحددة- قد بيّنت أنّ الأنواع الثلاثة من الكناية قد يستخدم في صحيفة رووداو، وبشكل عام (٤٩) من التعابير اللغوية في مجموع العناوين قد عبّرت على شاكلة الكناية عن الصفة، إذ الكناية عن الموصوف المتمثل بـ(استخدام المكان بدلاً من المؤسسة) يكون الكناية عن الموصوف بنسبة ٢.٥٩%، و أيضاً استخدام المؤسسة بدلاً من أعضائها ومشكليها نسبتها ٧.٣٤%، و استخدام الشخص بدلاً من المؤسسة يكون الكناية عن الموصوف بنسبة ١.٦%.

**Abstract**

Institution metonymy is one of the types of metonymy. In this metonymy, the name of a place or a person is used instead of a formal institution. The area of journalism is one of the areas in which the metonymy phenomenon is used.

This research has proved through analysing selected data that each three types of institution metonymy are observed in the discourses titles of Rudaw newspaper. Generally, (49) linguistic unit out of all titles as institution metonymy represented. Institution metonymy in the form of (using place instead of institutions) forms (59.2%) of institution metonymy. In addition, (Using institution instead of its members or constituent) forms (34.7%) and (using person instead of institution) form of (6.1%) institution metonymy.